sbey Research

# پرسی خانەنشینانی هەرێمی کوردستان لەنێوان ململانێی یاساکاندا

کارمەند مەحمود

2025

پوختە: 3
تەوەری یەکەم: ململانێی یاساکانی خانەنشینی لەنێوان هەرێم وبەغداد 3
کەمترین مووچەی خانەنشینی 4
سندوقی خانەنشینی و لێبڕینی خانەنشینی (توقيفات تقاعدي) 5
پێگەی هەرێمی کوردستان لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو 5
یاساکە لە چ ڕێکەوتێکەوە لەهەریمی کوردستان جێبەجێدەکرێت 6
ئایا یاسای خانەنشینی یەکگرتوو یاسایەکی فیدراڵییە؟ 7
تەوەری دووەم: لێکەوتەکانی لەسەر کەرتی خوێندنی باڵا 8
ڕۆڵی سەنتەرەکانی پێداگۆجی لەدروستکردنی کادری ئەکادیمی ئاستبەرز 9
تەوەری سێیەم: لێکەوتەکانی لەسەر کەرتی پەروەدە 10
تەوەری چوارەم: لێکەوتە ئابوورییەکان 10
تەوەری پێنجەم: کاریگەری ڕاگرتنی پلە بەرزکردنەوە لەسەر دۆخی خانەنشینی 11
تەوەری شەشەم: لێکەوتە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان لەسەر خانەنشینان 12
تەوەری حەوتەم: ڕۆڵی میدیا لە پاراستنی دۆخی دەروونی خانەنشینان 12
دەرەنجام: 13
ڕاسپاردە: 14
سەرچاوەکان: 16

## پوختە:

تویژی خانەنشینان لەسەرجەم ولاتانی دونیادا، ڕێزلێگیراوترین تویژی کۆمەڵگەن و بایەخی تایبەتیان پێدەدرێت، چونکە بەشی زۆری تەمەن و لاویتیان بۆ خزمەتکردنی ولات و بەرەوپێشبردنی تەرخانکردووە. لەهەرێمی کوردستاندا دۆخەکە تاڕادەیەکی بەرچاو پێچەوانەیە، لەبەر ئەوەی خانەنشینان لەدۆخێکی تەواو نالەباردان و مووچە و شایستە داراییەکانیان لەکاتی خۆیدا وەرناگرن. تەنانەت چەندین خانەنشین لەسەرەی وەرگرتنی مووچەکانیاندا دۆخی تەندروستیان تێکچووە، تا ڕادەی مردنی هەندێکیان. لەلایەکی دیکەوە خانەنشینانی هەرێمی کوردستان سەرەڕای دواکەوتنی مووچەکانیان بەڵام لە مافدا هاوتای مووچەخۆرانی عێراق نیین، ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر ژیان و گوزەران و دۆخی دەروونیان دروستکردووە. ئەوەی لەئێستادا دەبینرێت پرسی مووچەی خانەنشینان خەریکە دەبێتە کەرەستە و تەوەری ململانێی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ. لەدوای چاوەڕوانییەکی زۆر حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری هاوتاکردنی مووچەی خانەنشینانی هەرێمی کوردستانی دا، بەڵام دوای ماوەی چەند مانگێکی کەم خانەنشینان ئەوانەی کەمترین مووچەیان هەیە، بڕی (۱٠٠٠٠) سەد هەزار دینار، کە وەک زیادەی مووچە پێیان دەدرا، لێبڕا. ئەمەش نیگەرانی و کاریگەری خراپ و لێکەوتەی فرە ڕەهەند دروستدەکات لەسەر خانەنشینان.

لەدوای جێبەجێکردنی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارەیەکی زۆری فەرمانبەران خانەنشین بوون، کە بەگوێرەی ئاماری کۆمەڵەی خانەنشینانی کوردستان لقی هەولێر تاکۆتایی ساڵی 2025 نزیکەی (37000) سی و حەوت هەزار کەس لە هەرێمی کوردستان خانەنشین دەکرێن، ئەمەش لێکەوتە و کاریگەری دەبێت لەسەر کەرتی گشتی و دارایی و سێکتەرە جیاوازەکان.

لەم شیکارییەدا هەوڵدەدەین تیشک بخەینە سەر ڕەهەندە یاساییەکانی پرسی خانەنشینبوون و لێکەوتەکانی لەسەر کەرتی خوێندنی باڵا، پەروەردە، ئابووری، دەروونی و ڕۆڵی میدیا، دواجار دەرەنجام و ڕاسپاردەکان بخەینەڕوو.

## تەوەری یەکەم: ململانێی یاساکانی خانەنشینی لەنێوان هەرێم وبەغداد

پێشتر لەهەرێمی کوردستان یاسای خانەنشینی ژمارە (27)ی ساڵی 2006 جێبەجێدەکرا، کە کەمترین مووچەی خانەنشینی تەنها (220.000) دوو سەدو بیست هەزار دیناری عێراقی بوو. هەرچەندە ئەم یاسایەش لە پەرلەمانی کوردستان یاسای جێبەجێکردن (إنفاذ)ی بۆ دەرنەکراوە و ڕاستەوخۆ جێبەجێکراوە. جێبەجێکردنەکەشی بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران نەبووە؛ بەڵکو بە بڕیارێکی وەزارەتی دارایی بووە، ئەمەش تەنها بۆ ئەو یاسایانە دەبێت، کە دەکەونە چوارچێوەی تایبەتمەندییە دیاریکراوەکانی حکومەتی فیدراڵی لەماددەی (110)ی دەستووری عێراقدا ئاماژەی پێکراوە. ئەمە لەکاتێکدایە بەگوێرەی بڕیاری ژمارە (11)ی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لەڕێکەوتی (1992/08/31) دووەم، هاتووە: " کار بەهیچ یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییەکی حکومەتی عێراق ناکرێت مەگەر لە پەرلەمانی کوردستانەوە یاسایەک بۆ جێبەجێکردن

و پەیڕەوکردنی دەربچێت". بەڵام یاسای خانەنشینی ژمارە (27)ی ساڵی 2006 لەپەرلەمانی کوردستان یاسای جێبەجێکردنی بۆ دەرنەچووە، ئەم یاسایە جێبەجێکراوە لە هەرێم و عێراقدا. بەڵام ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەساڵی 2014 یاسای ژمارە (9)ی خانەشینی یەکگرتووی دەرکرد و لەماددەی (40) لەیاسای خانەنشینی یەکگرتوو یاساکەی ساڵی (2006)ی هەڵوەشاندەوە. لە هەرێمی کوردستان هەر کار بە یاساکەی ساڵی (2006) دەکرا، دواتر دادگای باڵای فیدراڵی عێراق لەداوای ژمارە (212فیدراڵی/2022) لەڕێکەوتی (2022/11/23) بڕیاریدا بە نایاسایی ناساندنی جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (27)ی ساڵی 2006 و پابەندکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە جێبەجێکردنی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو.

لە ناوەڕاستی ساڵی 2024 ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەکۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە (135) بڕیاری ژمارە (259) لەڕێکەوتی (2024/7/3) دەرکرد و بڕیاریدا بە جێبەجێکردنی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (9)ی ساڵی 2014ی هەموارکراو. پاشان لەڕێکەوتی (2025/1/15) فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (191)ی دەرکرد لەسەر هەمان بابەت بە واژۆی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بەمەش ژمارەیەکی زۆر فەرمانبەر ڕەوانەی خانەنشینی کران، کە پێکهاتووە لە لەدایکبووانی ساڵانی (1962، 1963، 1964) ڕاستەوخۆ ڕەوانەی خانەنشینی کران و لەدایکبووانی ساڵی 1965 بەگوێرەی ڕۆژ و مانگی لەدایکبونیان تا ڕێکەوتی (2025/12/31) ڕەوانەی خانەنشینی دەکرێن.

بەگوێرەی دەقی ماددە (10) لە یاساکە هەر فەرمانبەرێک تەمەنی یاسایی بە ڕۆژ و مانگ و ساڵ بگاتە (60) شەست ساڵ ڕەوانەی خانەنشینی دەکرێت، بەمەش ژمارەیەکی زۆر فەرمانبەران ڕەوانەی خانەنشین بوون کران. لەبەرئەوەی بەگوێرەی دەقی ماددەی (یەکەم/دووەم) لە یاساکەی ساڵی 2006 ی هەموارکراو، تەمەنی خانەنشیی لەهەرێمی کوردستان بریتیبوو لە تەواوکردنی (63) شەست و سێ ساڵی تەمەن، بەڵام یاسای خانەنشینی یەکگرتوو تەمەنی خانەنشینی بە (60) ساڵ دیاریکردووە. لەگەڵ بەدەرکردنی چەند توێژێك، کە بەتەواوکردنی (63) شەست و سێ ساڵی تەمەن، خانەنشین دەکرێن، کە بریتین لە (ئەو فەرمانبەرانەی یاسای ڕاژەی زانکۆیی دەیانگرێتەوە و هەڵگری ناونیشانی پۆفیسۆر و پرۆفیسۆری یاریدەدەرن، پزیشکانی دادوەری و سڕکردن و دەروونی، ڕاوێژکاران و ڕاوێژکارانی یاریدەدەر لەئەنجومەنی شورای هەرێم، فڕۆکەوانانی مەدەنی ئەوانەی کاردەکەن وەک کاپتنی فڕۆکە بەشێوەیەکی کرداری و لەکاتی خۆیدا مۆڵەتی کارکردنی بەرکاریان هەیە). هەروەها دیاریکردنی تەمەنی ئەو فەرمانبەرانەی خۆیان خوازیاری خانەنشینکردنن بە تەواوکردنی (50) پەنجا ساڵی تەمەن، یاخود تەواوکردنی (25) ساڵ ڕاژەی خانەنشینی.

## کەمترین مووچەی خانەنشینی

بەگوێرەی ماددە (21/ چوارەم/آ) لەیاسای خانەنشینی یەکگرتووی هەموارکراو نابێت مووچەی خانەنشینیان لە (400.000) چوار سەد هەزار دینار کەمتربێت، لەبڕگەی (ب) هەمان ماددە (بە دەرماڵەی باشکردنی ژیان و بڕوانامە) نابێت مووچەکانیان لە (500.000) پێنج سەد هەزار دینار کەمتربێت. بۆیە دوای جێبەجێکردنی یاساکە لە هەرێمی کوردستان توێژی خوارەوەی خانەنشینان کەمترین مووچەیان لە

(220.000) لە دوسەدو بیست هەزار دینارەوە بەرزکرایەوە بۆ (500.000) پێنج سەد هەزار دینار، ئەمەش پاڵپشت بە ئەحکامی بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی عێراق بە پابەندکردنی هەرێمی کوردستان بە جێبەجێکردنی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو. لێرەدا شایانی باسە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بڕی (100.000) سەد هەزار دیناری خستە سەر مووچەی ئەو خانەنشینانەی کە مووچەکانیان نزمە، بەمەش مووچەکانیان بەرزکرایەوە بۆ (600.000) شەش سەد هەزار دیناری عێراقی، لەبەرئەوەی لە یاسای خانەنشینیدا لەماددەی (39/ سێیەم) دەسەڵات دراوە بە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق دەتوانێت بڕیاربدات بە گۆڕانکاری لە مووچەی خانەنشینی لەژێر ڕۆشنایی دۆخی هەڵئاوساندا. بەڵام ئەم دەسەڵاتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و دەتوانێت ئەو بڕە ڕابگرێت و نەیدات، لەو حاڵەتەدا دەگەڕێنەوە بۆ کەمترین مووچەی خانەنشینی، کە نابێت لە (500.000) پێنج سەد هەزار دینار کەمتربێت. بۆیە کەمترین مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی چەند مانگێک بڕی (600.000) شەش سەد هەزار دیناریان وەرگرت، بەڵام بۆ مووچەی مانگی یەکی ساڵی 2025 ئەو بڕەیان لێبڕاو تەنها بڕی (500.000) پێنج سەد هەزار دیناریان پێدرا، ئەمەش نیگەرانی زۆری خانەنشینانی لێکەوتەوە .

## سندوقی خانەنشینی و لێبڕینی خانەنشینی (توقيفات تقاعدي)

بەگوێرەی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو سندوقێک دروستدەکرێت بەناوی سندوقی خانەنشینی فەرمانبەرانی دەوڵەت کە کەسایەتی معنوی دەبێت، بەگوێرەی دەقی ماددە (17) لەیاساکە مانگانە (25٪) بیست وپێنج لەسەدی مووچەی فەرمانبەر دەبڕدرێت یاخود لێی گل دەدرێتەوە. بەجۆرێك هەموو فەرمانبەرێک لەماوەی کاری فەرمانبەریدا مانگانە بڕی (10٪) دە لە سەدی مووچەکەی ببڕێت و بنێردرێت بۆ سندوقی خانەنشینی، حکومەتیش لەخەزێنەی گشتی بڕی (١٥٪) پازدە لەسەد پاڵپشتی دەکات. فەلسەفەی پشتی دروستکردنی ئەم سندوقە بۆ ئەوەیە، کە لەو سندوقە مووچەی خانەنشینان دابینبکرێت و دوانەکەوێت. بەوپێیەی فەرمانبەر لەماوەی فەرمانبەرێتیدا تا خانەنشینبوونی مانگانە لە مووچەکەی خۆی ئەو بڕەی لێبڕاوە، بۆیە پێویستە مووچەکەی دوانەکەوێت، بەڵام هەرێمی کوردستان تا ئێستا سندوقی خانەنشینی نییە.

## پێگەی هەرێمی کوردستان لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو

لەیاسای خانەنشینی یەکگرتوو، باسی هەرێمی کوردستان نەکراوە؛ بەڵکو باسی حکومەتی فیدراڵی و پارێزگا نەبەستراوەکان بە هەرێم کراوە. ئەمە لەکاتێکدایە هەرێمی کوردستان لەدەستووردا بەگوێرەی ماددە (117)ی دەستوور دانی پێدانراوە، خاوەن هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەرییە جگە لەو بابەتانەی لەتایبەتمەندێتی دیاریکراوی دەسەڵاتی فیدراڵن (ماددە 121). ئایا دەکرێت وەک پارێزگایەکی عێراق مامەڵەی لەگەڵ بکرێت؟ بۆیە وەک توێژەرێک بە گرنگی دەزانین دوای ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا بە جێبەجێکردنی یاساکە و لە ئێستادا جێبەجێدەکرێت؛ بەمەبەستی گونجاندنی یاساکە

لەگەڵ پێگەی دەستووری قەوارەی هەرێمی کوردستان، هەردوو حکومەتی فیدراڵ و هەرێم، بە دانوستاندن هەوڵبدەن بۆ هەموارکردنەوەی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو. هەروەك گونجاندنی ئەحکامەکانی و بە ڕوونی ناوهێنانی هەرێمی کوردستان و مامەڵەکردن لەگەڵی وەک هەرێمێکی دەستووری، نەک وەک پارێزگای نەبەستراو بە هەرێم مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. پێویستە نوێنەرانی کوردی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش کار بکەن بۆ هەموارکردنی یاساکە و گونجاندنی لەگەڵ هەرێمی کوردستان، یاخود لە هەمواری یاسای بودجەدا جێگیری بکەن، لەبەرئەوەی دژ یەکییەک هەست پێدەکرێت لەیاساکەدا و لەسەر لەبەری یاساکە ناوی هەرێمی کوردستان نەهاتووە. لەکاتێکدا دادگای فیدراڵیش هەرێمی کوردستانی پابەند کردووە بە جێبەجێکردنی یاساکە و ئێستاش یاساکە لە هەرێمی کوردستان بەرکارە.

## یاساکە لە چ ڕێکەوتێکەوە لەهەریمی کوردستان جێبەجێدەکرێت

یاسای خانەنشینی یەکگرتوو، لەساڵی 2014 ەوە لە عێراق جێبەجێبکرێت، بەڵام هەرێمی کوردستان لەڕێکەوتی (2024/7/3) بەبڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کورستان یاساکەی خستە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەویش دوای دەرچوونی بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی. لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە ئایا لەڕیکەوتی دەرچوونی یاساکە یان دوای ڕێکەوتی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی یاساکە جێبەجێدەکرێت، یاخود ئەو حاڵەتانە دەگرێتەوە، کە پێش دەرچوونی یاساکە خانەنشینکراون؟ هەوڵدەدەین بەکورتی وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە:

بەگویرەی دەستووری عێراقی ساڵی 2005 لەماددەی (94)دا هاتووە: " بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی پابەندکەرن بۆسەرجەم دەسەلاتەکان"، واتە دەسەلاتی ناوەند و هەرێمەکانیش پێویستە پێوەیان پابەندبن. لەلایەکی دیکە بە تێڕوانین بۆ بڕگەی حوکمی بڕیاری ژمارە (212/ فیدراڵی/2022) لەڕێکەوتی (2022/11/23) هاتووە: "1- بڕیاردرا بە نادەستووریبوونی (عدم صحة)، جێبەجێکردنی یاسای خانەنشینی یەکگرتووی هەڵوەشاوە ژمارە (27)ی ساڵی 2007.

٢- پابەندکردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیری دارایی و ئابوری هەرێمی کوردستان بە جێبەجێکردنی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤ی هەموارکراو".

لەبڕیارەکەدا بەهیچ شێوەیەک ئاماژەی بۆ ئەوە نەکردووە ئایا یاساکە تەنها لەدوای دەرچوونی بڕیارەکەوە جێبەجێدەکرێت بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە خانەنشین دەبن، یاخود یاساکە ئەو خانەنشینانەش دەگرێتەوە کە پێش بڕیارەکەی دادگا و پێش دەرچوونی یاساکەش خانەنشێن بوون واتە پێش ساڵی 2014؟ ئەمەش لەئێستادا ڕا جیاییەکی لەلایەن هەردوو وەزارەتی دارایی حکومەتی ناوەند و هەرێمی کوردستان دروستکردووە. بەبڕوای ئێمە یاساکە سەرجەم ئەو فەرمانبەرانە دەگرێتەوە، کە پێش دەرچوونی یاساکەو دوای دەرچوونی یاساکە و پێش دەرچونی بڕیاری دادگای فیدراڵیش خانەنشین بوون لەبەرئەوەی:

1 - دادگای فیدراڵی ئەو یاسایەی لە هەرێمی کوردستاندا جێبەجێدەکرا، هەڵوەشاندۆتەوە. ناکرێت ئەوانەی لەپێش دەرچوونی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو خانەنشین بوون بەیاسایەکی هەڵوەشاوە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و ئەوانەی دواتر بەیاسایەکی دیکە.

2 - ناكرێت بەشێكی زۆر لە خانەنشینان بێبەشبكرێن لەو ماف و جیاوک و دەستكەوتانەی، كە یاساكە بە خانەنشینانی دەدات و بەشێكی دیكەیان سوودمەندبن لێی، چونكە دواجار ئەمە پێچەوانەی بنەما و پرەنسیپی یەكسانی و دادپەروەرییەو پێچەوانەی دەستووری عێراقە.

3 - بڕیارەكەی دادگای فیدراڵی بەرەهایی هاتووە ( المطلق یجري علی إطلاقه)، بۆیە ناكرێت خوێندنەوەی تری بۆ بكرێت و بەشێك لە خانەنشینان بێبەشبكرێن لێی.

4 - ئەو داواكارانەی وەك خانەنشینان داوایان لە دادگای فیدراڵی كردووە لەداوای یاسایی ژمارە (212/ فیدراڵی/2022) بە جێبەجێكردنی یاسای خانەنشینی یەكگرتوو لەهەرێمی كوردستان، كە ژمارەیان (9) خانەنشین بووە بەشێكیان پێش ساڵی 2014 خانەنشین كراون، واتە پێش دەرچوونی یاسای خانەنشینی یەكگرتوو. بۆیە لە بڕیارەكەی دادگای فیدراڵی باسی ئەوە نەكراوە، كە یاسای خانەنشینی یەكگرتوو تەنها ئەو فەرمانبەرانە دەگرێتەوە، كە لەدوای دەرچوونی بڕیارەكە، یان ئەوانەی دوای ساڵی 2014 خانەنشینبوون دەگرێتەوە. ئەگەر دادگا ویستی ئەوەی هەبووایە پێویستبوو داواكە سەبارەت بەوانەی پێش ساڵی 2014 خانەنشینبوون (رد) بكاتەوە، بەڵام ئەوەی نەكردووە بۆیە پێویستە یاساكە بەسەر سەرجەم خانەنشینانیدا جێبەجێبكرێت.

## ئایا یاسای خانەنشینی یەكگرتوو یاسایەكی فیدراڵییە؟

دەوڵەتی عێراق پیادەی سیستمی فیدراڵییەت دەكات و هەرێمەكان خاوەنی هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێكردن و دادوەرین، وە دەتوانن خاوەن یاسای خۆیانبن و جیاوازبن لە یاساكانی دەوڵەتە فیدراڵییەكە بەمەرجێك یاساكنیان دژی دەستوور نەبن و نەكەونە ناو تایبەتمەندییە دیاریكراوەكانی حكومەتی فیدراڵی.

بەگوێرەی بڕیارەكەی دادگای باڵای فیدراڵی بە پابەندكردنی ڕاستەوخۆی حكومەتی هەرێمی كوردستان بە جێبەجێكردنی یاسای خانەنشینی یەكگرتوو، ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە ،كە دادگای فیدراڵی بۆچوونی وایە: یاسای خانەنشینی یاسایەكی فیدراڵییە و پێویستە لەهەموو عێراق جێبەجێبكرێت بەهەرێمی كوردستانیشەوە، بۆیە لەو حاڵەتەدا پێویستی بە دەركردنی یاسای جێبەجێكردن (إنفاذ) نییە، لەو حاڵەتەدا دەگەڕێینەوە بۆ دەقی مادده (110/ سێیەم كە تیایدا هاتووە: رسم السیاسة المالیة ....).

بەڵام ئەگەر یاساكە فیدراڵی نەبێت هەرێمی كوردستان مافی هەیە یاسایەكی تایبەت بە خانەنشینی هەرێم دەربكات لە پەرلەمانی كوردستان، كە جیاوازبێت لەیاساكەی عێراق، یاخود یاسایەك بۆ جێبەجێكردنی یاساكەی عێراق دەربكات یاخود هەمواری بكات پاشان جێبەجێی بكات.

بە وردبوونەوە لە یاسای خانەنشینی بۆمان ڕووندەبێتەوە، كە ئەم یاسایە یاسایەكی فیدراڵی نییە لەبەر ئەم هۆكارانە:

1 - لە هیچ جێگایەكی یاساكەدا بەرەهایی ناوی هەرێمی كوردستان نەهاتووە، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی هیچ ویستێك نەبووە بۆ ئەوەی یاساكە لەهەرێمی كوردستانیشدا جێبەجێبكرێت.

2- بەگەڕانەوە بۆ ماددەی (110)ی دەستوور بابەتی خانەنشینی لەو بابەتانە نییە، کە لە تایبەتمەندێتی دەسەڵاتی فیدراڵییە.

بۆیە هەرێمی کوردستان دەتوانێت لە دوای هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەڕلەمانی کوردستان یاسایەکی نوێ بۆ خانەنشینانی هەرێمی کوردستان دەربجوێنێت، یاخود یاساکە هەمواربکات، چونکە بەبڕوای ئێمە دادگای فیدراڵی دەیتوانی تەنها یاسای ژمارە (27)ی ساڵی 2006 بە نادەستووری بناسێنێت، دواتر پەرلەمانی کوردستان خۆی دەیتوانی یاسایەکی نوێ دەربچوێنێت، یاخود یاساکەی عێراق جێبەجێبکات، یان دوای هەموارکردنی ئەو کات جێبەجێی بکات.

## تەوەری دووەم: لێکەوتەکانی لەسەر کەرتی خوێندنی باڵا

دوای جێبەجێکردنی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو لە هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی خانەنشین کران، کە زۆرینەیان هەڵگری نازناوی زانستی (پرۆفیسۆر و پرۆفیسۆری یاریدەدەر)ن، هەرچەندە بەگوێرەی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ماددەی (دووەم) ئەو فەرمانبەرانەی یاسای ڕاژەی زانکۆیی دەیانگرێتەوە و هەڵگری نازناوی زانستی پرۆفیسۆر و پرۆفیسۆری یاریدەدەرن لەتەمەنی (٦٣) ساڵیدا خانەنشین دەکرێن. لەگەڵ ئەوەشدا بەگوێرەی ئامارێکی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی (1263) هەزارو دوو سەدو شەست و سێ کەس لە میلاکی سەر بەو وەزارەتە خانەنشینبوون دەیانگرێتەوە؛ ئەمەش کاریگەری و لێکەوتەی دەبێت لەسەر کەرتی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان. بەوپێیەی زۆرینەی خانەنشینبووەکان خاوەنی نازناوی زانستی (پرۆفیسۆر و پرۆفیسۆری یاریدەدەر)ن، یاخود سەرپەرشتیاری خوێندکارانی (ماستەر و دکتۆرا). ئەگەر بیر لەچارەسەری پێویست نەکرێتەوە لێکەوتەی نەرێنی دەبێت لەسەر ئەو کەرتە گرنگە. هاوکات خانەنشینبووانی ئەو وەزارەتە لە کەسە ئەزموندارەکانی ئەو کەرتەن، کە دەکرێت ببێتە هۆی دروستبوونی کەلێن لە وەزارەت و زانکۆکان، بەتایبەت لەمساڵدا وابڕیارە ڕاوندێکی نوێی (دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی و دیپلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی کلینیکی پیشەیی و ماستەر و دکتۆرا لەزانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان) بکرێتەوە، بەگوێرەی ڕێنمایی ژمارە (12)ی ساڵی 2024 کە لە ماددەی (4)ی ڕێنماییەکەدا تایبەت بە مەرج و پێداویستییەکان هاتووە:

" بۆ کردنەوەی خوێندنی دکتۆرا لەهەر بەشێک مەرجە بەلایەنی کەم (1) یەک پرۆفیسۆر و (3) سێ پرۆفیسۆری یاریدەدەر یاخود (5) پێنج پرۆفیسۆری یاریدەدەری هەبێت و پسپۆڕی گشتیان لەهەمان بواری بەشەکە بێت و مەرجە ئەو مامۆستایانە لەسەر میلاکی هەمیشەیی بەش بن، یان لەهەمان ئەو بەشە تەنسیبکرابن. یاخود شەراکەتێکی هاوبەشی ئەکادیمی لەگەڵ زانکۆکان سەبارەت بە ئاڵوگۆڕی ستافی وانەوتنەوە و سەرپەرشتیکردن لەپرۆسەی خوێندنی باڵا هەبێت.

- بۆ کردنەوەی خوێندنی ماستەر لەهەر بەشێک مەرجە بەلایەنی کەم (3) سێ پرۆفیسۆری یاریدەدەر و (3) سێ هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا، کە دوو توێژینەوەی بڵاوکراوەی (محکم)ی دوای دکتۆراکەی هەبێت و پسپۆڕی گشتیان لەهەمان بواری بەشەکە بێت، یاخود (2) دوو پرۆفیسۆری یاریدەدەر و (4) چوار هەڵگری

بڕوانامەی دکتۆرا دوو توێژینەوەی بڵاوکراوەی (محکم)ی دواى دکتۆراکەی هەبێت و پسپۆڕی گشتیان لە هەمان بواری بەشەکەدا هەبێت.

- بۆکردنەوەی خوێندنی دیپلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لەهەر بەشێک مەرجە بەلایەنی کەم (٥) پێنج هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا یان (٥) پێنج هەڵگری پلەی زانستی (مامۆستا) ی هەبێت و پسپۆڕی گشتیان لەهەمان بواری بەشەکە بێت".

بەم پێیەش بۆکردنەوەی چەند بەشێکی زانستی ڕووبەڕووی گرفتی نەبوونی سەرپەرشتیارو نەبوونی مامۆستای پێویست دەبینەوە، بەتایبەت بۆ کردنەوەوی خوێندنی دکتۆرا لە زۆرێک لە بەشە زانستییەکان ئەو گرفتە دێتەپێش. هاوکات گرفتێکی دیکەی بەشە زانستییەکان و فێرخوازانی ماستەر و دکتۆرا ئەوەیە، کە بەشێک لە سەرپەرشتیارەکانیان خانەنشینبوون و تا ئێستا لەقۆناغی نوسیندان. بەمەش ئەو فێرخوازانە بێ سەرپەرشت دەمێننەوە و گرفت لە جۆر و کوالێتی نوسینیان دروستدەبێت، بۆیە پێویستە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بیر لە پلانی جێگرەوە بکاتەوە بەمەبەستی کەمکردنەوەی لێکەوتەکانی ئەم پرۆسەیە.

## ڕۆڵی سەنتەرەکانی پێداگۆجی لەدروستکردنی کادری ئەکادیمی ئاستبەرز

لە ساڵی (2019) دواى بەشداریکردنی خولێکی درێژخایەنی وردی ئەکادیمی بۆ نزیکەی (70) حەفتا مامۆستا لە سەرجەم زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لە وڵاتی فنلەندا، دواى وەرگرتنی ئەزمونی ئەو وڵاتە لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنی باڵا، لەزانکۆکانی هەرێمی کوردستان سەنتەرەکانی ڕاهێنانی پێداگۆجی و پەرەپێدانی ئەکادیمی کرانەوە. پاشان بڕیاردرا هەموو هەڵگرێکی بڕوانامەی (ماستەر ودکتۆرا) لەو سەنتەرانە بەشداری خولێکی (6) شەش مانگی بکەن؛ کە لەو ماوەیەدا (6) شەش مۆدیوڵی تایبەت بە شێوازی وانەوتنەوەی سەردەم وەردەگرن و ئاشنا دەبن بە شێوازی (فێرخواز تەوەری) و نووسینی توێژینەوەی ئاستبەرز و هاوچەرخ. دواتر سیمیناری نازناوی زانستی بۆ دەکرێت و دەتوانێت لە زانکۆ و پەیمانگاکان وانەبڵێتەوە، وەک مامۆستای

یاریدەدەر. پرسیارێک لێرەدا دێتە پێشەوە، ئایا سەنتەرەکانی پێداگۆجی دەتوانن کادری ئەکادیمی وا دروستبکەن، کە لەئاستی توێژەرانی زانکۆکانی جیهاندابن؟

ئایا سەنتەرەکانی پێداگۆجی دەتوانن ڕۆڵ ببینن لە دووبارە داڕشتنەوەی شێوازی پلەبەرزکردنەوە ( مامۆستای یاریدەدەر، مامۆستا، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، پرۆفیسۆر)، کە تەنها پێوەرەکانی تەمەن و خزمەت نەبێت بەڵکو کۆمەڵێک پێوەری نوێ دابنرێت وەک داهێنانی زانستی و بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی ئاستبەرز لە گۆڤارە ئاستبەرزەکانی جیهان. لەبەرئەوەی لە ئێستادا زۆرینەی ئەوانەی دەگەنە پلەی پرۆفیسۆر، تەمەنیان بەرەو هەڵکشان ڕۆیشتووە دواى ماوەیەکی کەم لەخزمەت خانەنشین دەکرێن و ناتوانرێت وەک پێویست سوود لە توانا و خزمەتیان وەربگیرێت. بۆیە بەگرنگی دەزانین پێداچوونەوە بە پرۆسەی بەرزکردنەوەی نازناوی زانستیدا بکرێت و سەنتەرەکانی پێداگۆجی ڕۆڵی گرنگ ببینن لەم پرۆسەیەدا، کە هاوشان بێت لەگەڵ شێوازی زانکۆ پێشکەوتووەکانی جیهان.

## تەوەری سێیەم: لێکەوتەکانی لەسەر کەرتی پەروەدە

پەروەدەو فێرکردن بەیەکێک لە گرنگترین کەرتەکانی هەر دەوڵەت و قەوارەیەک دادەنرێت، کە مامۆستایان بەشێکی گرنگی ئەم پرۆسەیە پێکدەهێنن. لەهەرێمی کوردستان ژمارەیەکی زۆر فێرخوازمان هەیە کە بێگومان ژمارەیەکی زۆری مامۆستای بۆ سەرجەم قۆناغەکان پێویستە؛ بەڵام لەم پرۆسەی خانەنشین بوونەدا زۆرترین ژمارەی مامۆستا خانەنشین بوون دەیانگرێتەوە، ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر کەرتی پەروەردە. لەلایەکی دیکەشەوە ماوەی زیاد لە (10) ساڵە هیچ دامەزراندنێکی فەرمی لە کەرتی پەروەردەدا نەکراوە، لەو ماوەیەشدا سەدان مامۆستا خانەنشین بوون و بۆشاییەکی گەورەی لە کەرتی پەروەردەدا دروستکردووە. هەربۆیە وەزارەتی پەروەردە بەناچاری بە مامۆستایانی گرێبەست ئەو بۆشاییەی پڕکردۆتەوە، بەڵام ئەو ڕێژە زۆرەی ئێستا خانەنشینبوون دەیانگرێتەوە، ناتوانرێت بە گرێبەست پڕبکرێتەوە. بەم هۆیەوە لێکەوتەی نەرێنی دەبێت لەسەر کەرتی پەروەردە و پێویستە بیر لە چارەسەرێکی هەمیشەیی و درێژخایەن بکرێتەوە، نەک چارەسەری کاتی و ئازارشکێن. ئەمە لەدۆخێکدایە، کە ساڵانە بەهۆی دواکەوتنی مووچە و شایستە داراییەکانیانەوە، مامۆستایان بۆ ماوەی چەند مانگێک بایکۆتی دەوام دەکەن، بەمەش بەشێکی زۆر لەپرۆسەی خوێندن پەکی دەکەوێت، بۆیە بەخانەنشینبوونی ئەو ژمارە زۆرەی مامۆستایانیش کەلێنەکانی کەرتی پەروەردە گەورەتر دەبن.

## تەوەری چوارەم: لێکەوتە ئابوورییەکان

خانەنشینکردنی ئەو ژمارە زۆرەی فەرمانبەر بە یەك پاکێج و لە یەك کاتدا، بارگرانییەکی دارایی زۆر لەسەر حکومەت دروستدەکات بەهۆی پێدانی بەخشینی (12 دوازدە مووچە و دەرماڵە بەسەریەکەوە بۆ ئەو فەرمانبەرانەی خانەنشین دەبن ئەگەر 25 ساڵی خزمەتیان تەواوکردبێت بەگوێرەی مادده 21/نۆیەم)، ئەم پاداشتە لەیاساکانی پێشتردا نەبووە، بەڵکو تەنها مووچەی (180) ڕۆژی کۆکراوەی مۆڵەت هەبووە، کە بریتی بووە لە (6) مووچەی بنەڕەتی. ئەم دوو پاداشتە بەیەکەوە بارگرانییەکی زۆر بۆسەر داهات و گەنجینەی حکومەت دروستدەکات لە بەرئەوەی ژمارەیەکی زۆری فەرمانبەر بەیەکەوە خانەنشین دەبن. ئەمە لەکاتێکدایە لەدوای دروستبوونی قەیرانی دارایی لەهەرێمی کوردستان و دروستبوونی گرفت لەنێوان هەرێم و بەغداد و بڕینی بەشە بودجەو مووچەی هەرێمی کوردستان و دواکەوتن و پێنەدان و پاشەکەوتی مووچە و لێبڕینی مووچە، هێندەیتر دۆخی فەرمانبەرو خانەنشینانی خراپ و ئاڵۆزتر کرد و پاش زیاتر لە 10 ساڵ ئەم کێشانە هێشتا چارەسەر نەکراون و دواکەوتنی مووچە بەردەوامی هەیە. ئێستاش بەم دۆخەوە ژمارەیەکی زۆری فەرمانبەرانی دیکە دەچنە خانەی خانەنشینبوونەوە، کە دەبێت وەک هاوڕێکانی دیکەیان لەبەر سەرما و گەرمای وەرزەکانی ساڵ چاوەڕوانی هاتن و وەرگرتنی مووچەکانیان بن.

## تەوەری پێنجەم: کاریگەری ڕاگرتنی پلە بەرزکردنەوە لەسەر دۆخی خانەنشینی

یەکێک لەمافە بنەڕەتییەکانی فەرمانبەر لە ماوەی کاری فەرمانبەرێتیدا، بریتییە لە بەرزکردنەوەی پلەکەی بەگوێرەی یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە (24) ی ساڵی 1960ی هەموارکراو، ئەمەش وەک هاندانێک بۆ فەرمانبەر بۆ باشتر جێبەجێکردنی کارەکانی. هاوکات بەهۆی بەرزکردنەوەی پلەکەی کاریگەری دەبێت لەسەر زیادبوونی مووچەکەی، کە ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر باشکردنی گوزەرانی فەرمانبەر. لەماددەی (19)ی یاسای ڕاژەی شارستانی هاتووە: " ڕێگە پێدراوە، کە فەرمانبەر بەرزکردنەوەی بۆ بکرێت بۆ ئەو پلەیەی، کە بەدوای پلەکەی خۆیدا دێت بەمەرجێک:

١-هەبوونی وەزیفەی چۆڵ، کە هاوتا؛ یان بەرزتر لەو وەزیفەیە بێت، کە مەبەستە بۆی بەرزبکرێتەوە.

٢- تواناو لێهاتوویی سەلمێندرا لەسەر پڕکردنەوەی وەزیفەکەی و سەرکەوتوویی بەسەر ئەو فەرمانبەرانەی دیکە، کە ڕکابەری دەکەن بەگوێرەی ڕاسپاردەی وەزارەتەکەی؛ یان فەرمانگەکەی جگە لەو وەزیفانەی بەدەر دەکرێن لەکاتی دامەزراندندا بەگوێرەی ماددەی هەشتەمی ئەم یاسایە.

٣-تەواوکردنی ئەو ماوەیەی کەفەرمانبەر بەسەری بردووە لە پۆل و پلەی پێشووی ....."

هەروەها بەگوێرەی خشتەی پلەبەرزکردنەوە لە پلە (10) تا پلە (5) بە چوار ساڵ جارێک پلەبەرزکردنەووین بۆ دەکرێت، لە پلە (5) تا پلە (2) بە پێنج ساڵ جارێک پلەبەرزکردنەوەیان بۆ دەکرێت. لەهەرێمی کوردستان چەندین ساڵە پلە بەرزکردنەوە ڕاگیراوە بەبیانووی قەیرانی دارایی، ئەمەش کاریگەری نەرێنی زۆری کردۆتە سەر ژیانی فەرمانبەران، لەبەرئەوەی جگە لە ڕاگرتنی پلەبەرزکردنەوە هەمیشە وەرگرتنی مووچەکانیشیان دواکەوتووە. ئەوەی لێرەدا تەوەری بابەتەکەی ئێمەیە، بریتییە لەو فەرمانبەرانەی کە ڕەوانەی خانەنشینی دەکرێن و لەپێشتردا شایانی پلەبەرزکردنەوەبوون بەڵام پلەبەرزکردنەوەیان بۆ نەکراوە و بەهەمان پلەکانی پێشویان خانەنشین دەکرێن. ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر مووچەو شایستە داراییەکانی خانەنشینان دەبێت، چونکە مووچەی خانەنشینی لەسەر بنەمای دوا مووچە و پلەی فەرمانبەری دیاری دەکرێت. هاوکات زۆر بە زەحمەت دەبینرێت کە هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ بچنە ژێر باری ئەوەی ئەو شایستە دارایی وپلەی وەزیفییەیان بۆ خەرج بکەن، لەم نێوەندەشدا مافی ئەو فەرمانبەرانە دەفەوتێت، کە شایانی پلەبەرزکردنەوەبوون و خانەنشین کراون. بۆیە پێویستبوو حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو پلە وەزیفیانەی بۆ جێگیربکردنایە، هەرچەندە شایستە داراییەکانیشی لەکاتی فەرمانبەری وەرنەگرتایە. بەڵام ڕێکەوتی شایستەبوونی بە پلەبەرزکردنەوە دیاری بکردایە، بەمەبەستی ئەوەی لەکاتی خانەنشینکردنیان کاریگەری ئەرێنی هەبووایە لەسەر مووچەکانیان. ئەوانەی خانەنشینبوون دەیانگرێتەوە بەگشتی شایستەی دوو پلەبەرزکردنەوە یاخود زیاترن، هاوکات شایستەی سەرەمووچە و کۆمەڵێک شایستەی دارایی دیکەن. بەگێڕانەوەی ئەو مافانە بۆیان کاریگەری بەرچاوی دەبێت لەسەر بەرزکردنەوەی مووچەکانیان، لەم دۆخەدا ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بڕیاربدات بە بەرزکردنەوەی پلەیان ئایا حکومەتی عێراق و وەزارەتی دارایی عێراق ئامادەن بچنە ژێر باری ئەو شایستە داراییانەی، کە ئەو خانەنشینانە یاخود فەرمانبەرانە شایستەی دەبن؟ لەم نێوەندەدا خانەنشینان دەکەونە نێوان بەرداشی حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی. هاوکات بەشێکی زۆری ئەو توێژە چەندین نەخۆشی درێژخایەن

ڕووی تێکردون و پێویستیان بەچاودێری تەندروستی بەردەوام هەیە، بەشێکی دیکەیان کرێنشینن و بەهۆی دواکەوتنی مووچەکانیان و کەمی بڕەکەی بەشی دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانیان ناکات.

## تەوەری شەشەم: لێکەوتە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان لەسەر خانەنشینان

یەکێکی دیکە لە لێکەوتەکان کە ڕووبەڕووی خانەنشینان دەبێتەوە بریتییە لە وەی بەشێوەیەکی کتوپڕ ڕێژەیەکی زۆری فەرمانبەران بڕیاری خانەنشینبوون دەیانگرێتەوە، ئەمەش شۆکێکی بۆ بەشێکیان لەگەڵ بڕیارەکە هێناوە. هۆکاری ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە خانەنشینان چاوەڕوانی ئەو بڕیارە کتوپڕە نەبوون، لەبەرئەوەی بەگوێرەی یاسا بەرکارەکەی هەرێمی کوردستان فەرمانبەران لەتەمەنی (63) ساڵیدا خانەنشین دەکران. فەرمانبەریش کات و ساڵی خانەنشینکردنی دەزانی و بەتەواوی خۆی بۆ ئامادە دەکرد، تەنانەت کارەکانی ناو فەرمانگەکەشی بەتەواوەتی ڕێکدەخست، بەڵام بەجێبەجێکردنی ئەم یاسایەی عێراق شۆکێکی بۆ فەرمانبەرانی خانەنشینبوو دروستکرد. بەشێکی زەبرە دەرونییەکە دەگەڕێتەوە بۆ وەرگرتنەوەوی ئەو پایەیەی کە فەرمانبەر تیایدابووە و بەجێهێشتنی شوێنی کارەکەی، بەشێکی دیکەی دەگەڕێتەوە بۆ دروستبوونی جیاوازی بەرچاو لەمووچەکانیان بەراورد بە پێشتر کە لە فەرمابەریدابووە. یەکێکی دیکە لەلێکەوتە دەرونییەکان بریتییە لە نەبوونی متمانە لەنێوان مووچەخۆر و حکومەت بەوەی موچەخۆران و خانەنشینان بەتایبەت متمانەیان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان نییە بەگێڕانەوەی مووچە پاشەکەوتکراو و فەوتاوەکانیان، هاوکات تا جێبەجێکردنی مامەڵەی خانەنشینبوونیان کە ماوەیەکی پێویستە بەبێ مووچە دەمێننەوە. ئەمەش بارگرانییەکی دارایی زیاترو لەدوایشدا گرفتێکی دەرونی ڕوبەڕووی خانەنشینان دەکاتەوە.

## تەوەری حەوتەم: ڕۆڵی میدیا لە پاراستنی دۆخی دەروونی خانەنشینان

میدیاو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەئێستای سەردەمی خێراییدا، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە گواستنەوەی زانیارییەکان، لەهەرێمی کوردستان میدیا جۆرێک لە پەرش وبڵاوی و شڵەژاوی پێوە دەبینرێت و نەتوانراوە چوارچێوەیەکی کاری پرۆفیشناڵی بۆ دیاریبکرێت. بەجۆرێك بتوانێت لە نێوان مافی ئازادی کاری میدیایی و پێشێلکردنی مافی ئەوانی دیکەدا بەیاسایی کار بکات، زۆرجار میدیا ڕۆڵێکی نەرێنی بینیوە لە دروستکردنی دۆخی شڵەژانی دەروونی بینەردا، بە هەر سێ میدیای (بیستراو، بینراو و خوێندراو). چونکە تا ئێستا لەهەرێمی کوردستان هیچ یاسایەکی تایبەتمان نییە بە ڕێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بۆیە زۆرجار میدیا، بە مەبەست یاخود بێ مەبەست کاریان کردووە لەسەر جوڵاندنی هەستی بینەر بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین وەرگر و تەماشاکەر، بەبێ گوێدانە دۆخی دەروونی و کۆمەڵایەتی وەرگر و زۆرجار بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی چەواشەکاری و ناڕاست بەتایبەت لەسەر دۆخی خانەنشینان و مووچەکانیان، خانەنشینانیان گیرۆدەی شڵەژان و تەنانەت گرفتی دەروونی کردووە. لەبەرئەوەی توێژی خانەنشینان بەشیکیان توشبووی نەخۆشییە درێژخایەنەکان و نەخۆشییە جەستەیی و دەرونییەکانن و

پێویستیان بە ئاگا لێبوون و چاودێریکردنی بەردەوامە، نەک زیاتر تێکدانی هەست و هۆش و ئاگاییان. بۆیە پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەک وەزارەتی رۆشنبیری و سەندیکای رۆژنامەنوسانی هەرێمی کوردستان و داواکاری گشتی و دادگاکان بە رۆڵی خۆیان هەستن و رێوشوێنی یاسایی پێویست دژی هەر میدیا و سەکۆیەکی ئەلیکترۆنی بگرنەبەر بەگوێرەی هەردوو یاسای رۆژنامەگەری ژمارە (35) ی ساڵی 2007 و یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن ژمارە (6)ی ساڵی 2008، کە هەواڵی چەواشەکار و ناڕاست بڵاو دەکاتەوەو کۆمەڵگا توشی شڵەژان دەکات. لەلایەکی ترەوە ئایا دەرچوونی یاسایەکی نوێ بۆ رێکخسنی میدیای ئەلیکترۆنی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستان بە پێویست نازانرێت لە ئێستادا؟ هەرچەندە لەساڵی 2020 پێشنیازە یاسای رێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا لە پەرلەمانی کوردستان لەدانیشتنی 27-28/تەموزی 2020، بەڵام دواتر بەهۆی بوونی نارەزایی لەسەر ناوەڕۆکی پێشنیازە یاساکە ڕاگیرا. بەڵام دەرچواندنی یاسایەکی نوێ بۆ رێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی و سۆشیال میدیا بە فەراهەمکردنی مافی ئازادی رادەبرین و پێشێل نەکردنی ئازادی ئەوانی دیکە لە هەرێمی کوردستان بە گرنگ دەبینرێت، کە میدیا بە گشتی و میدیای ئەلیکترۆنی بەرپرسیارێتی یاسایی خۆیان بزانن و چی دیکە میدیای سێبەر و بێ ناسنامە؛ زانیاری بێ بنەما و ناڕاست بڵاو نەکەنەوە.

## دەرەنجام:

1- لەیاسای خانەنشینی یەکگرتوو بەهیچ شێوەیەک باسی هەرێمی کوردستان نەکراوە وەک هەرێمێکی دەستووری، ئەمەش ناڕوونییەکی لە یاساکەدا دروستکردووە، ئایا مامەڵەی پارێزگای نەبەستراو بە هەرێم دەکرێت لەگەڵ هەرێمی کوردستان یاخود مامەڵەیەکی جیاواز.

2-پرسی جێبەجێکردنی یاسای خانەشینی یەکگرتوو کۆمەڵێک گرێ و گۆڵ بەدوای خۆیدا دەهێنێت، لەوانە ناڕوونی جێبەجێکردنی یاساکە لەچ ڕێکەوتێکەوە، ئایا لەدوای بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی یاخود لەدوای دەرچوونی یاساکە لەساڵی 2014.

3-دادگای باڵای فیدراڵی هەرێمی کوردستانی پابەندکردووە بە جێبەجێکردنی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو بەمەش وەک یاسایەکی فیدراڵی ئەژماری کردووە، بەگەڕانەوە بۆ ماددەی (110) دەستوور خانەنشینی ناکەوێتە چوارچێوەی تیبەتمەندییە دیاریکراوەکان.

4-هەرێمی کوردستان دەتوانێت لەم خولەی پەرلەمانی کوردستاندا یاسایەکی نوێی خانەنشینی دەربکات بۆ هەرێمی کوردساتن یاخود یاساکە هەمواربکات.

5- ئەو فەرمانبەرانەی پرۆسەی خانەنشینبوون دەیانگرێتەوە کۆمەڵێک ماف و شایستەی دارایی و جیاوکی سەردەمی فەرمانبەرێتیان هەبووە، کە بەهەڵواسراوی ماوەتەوە و ڕوون نییە ئەو مافانە چۆن بۆ خانەنشینان دەگەڕێندرێتەوە لەوانە: "فەوتانی چەند مووچەیەکی ساڵانی ڕابردوو، پاشکەوتکردنی بەشێک لە مووچەکانیان".

6- وەستاندنی پلە بەرزکردنەوە کە کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر کەمکردنەوەی شایستە داراییەکان و بڕی مووچەی ئەوانەی خانەنشینبوون، ئەم دۆسیەیە بە ناڕوونی و هەڵواسراوی ماوەتەوەو لەنێوان حکومەتی هەرێم و ناوەند.

7-تا ئێستا لەهەرێمی کوردستاندا سندوقی خانەنشێنی دروستنەکراوە، کە گرەنتی مووچەی خانەنشینان دەکات.

8-خانەنشینوونی ژمارەیەکی زۆری فەرمانبەران لەهەرێمی کوردستان کاریگەری نەرێنی لەسەر کەرتی گشتی هەرێمی کوردستان دەبێت بەتایبەتی کەرتی پەوروەدەو خوێندنی بالا.

9-وەستاندنی دامەزراندنی فەرمانبەران لەهەرێمی کوردستان دەکرێت لە داهاتوودا گرفتی جەوهەری بۆ ئیدارەدانی کەرتی گشتی دروستبکات.

10-بەهۆی ململانێی نیوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ، خانەنشینان کەوتونەتە دۆخێکی ئاڵۆزی دەروونی و ڕوبەڕووی گرفت و زەبری دەروونی بوونەتەوە.

اا- میدیا و تۆڕە کۆمەلایەتییەکان ڕۆڵێکی باش ناگێڕن لە گواستنەوەی هەواڵی خانەنشینان و مووچە و دۆخێکی پڕ ئاڵۆزی بۆ دەروونی خانەنشینان خوڵقاندووە بە بڵاوکردنەوەی بەشێك لە زانیاری ناڕاست.

## ڕاسپاردە:

بەئامانجی جێبەجێکردنی یاسای خانەنشینی یەکگرتو و فەراهەمکردنی دۆخێکی شیاوتر بۆ ژیانی خانەنشینان پێشنیار دەکەین:

1-لەخولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستاندا یاسایەکی نوێ بۆ خانەنشینانی هەرێمی کوردستان دەربچوێنرێت، کە ماف و سایستە داراییەکانیانی تیادا بچەسپێندرێت، یاخود یاساکە بەجۆرێک هەمواربکرێت لەگەڵ دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان بگونجێندریت.

2-دەکرێت لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەمواری یاسای خانەنشینی یەکگرتوو بکرێت، بەجۆرێک کە بەڕوونی ناوی هەرێمی کوردستان و دامەزراوەکانی تیادا جێگیر بکرێت، بەمەبەستی ئاسانتر مامەڵەکردن لەگەڵ یاساکە و پاراستنی مافی خانەنشینانی هەرێمی کوردستان.

3- هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ بگەنە ڕێکەوتنێک بۆ گێڕانەوەی ئەو شایستە داراییانەی، کە خانەنشینان شایستەی بوون پێش ڕەوانەکردنیان بۆ خانەنشینی. ئەویش بەلایەنی کەمەوە بەرزکردنەوەی مووچەکانیان، کە لە یاساکەدا ڕێگەی پێدراوە بە گوێرەی دەقی مادده ( لەماددەی (39/ سێیەم) و بەدەوامی ئەو پاڵپشتییە داراییە بۆ سەرجەم خانەنشینان بەتایبەت ئەوانەی مووچەکانیان لەخوارەوەیە.

4-پێداچوونەوە بە شێوازی بەرزکردنەوەی نازناوی زانستی لەوەزارەتی خوێندنی بالا لەسەر بنەمای لێوەشاوەیی و شایستەیی ئەکادیمی و داهێنان، نەک سالانی خزمەت.

5-بەهەمیشەییکردنی  وانەبێژ و گرێبەستی پەروەردە بەمەبەستی پڕکردنەوەی شوێنی مامۆستایانی خانەنشینبوو.

6-دەستپێکردنەوەی دامەزراندن بەگوێرەی پێداویستی کەرتەکان بە پلانێکی تۆکمەی ورد.

7-دەستپێکردنەوەی پلەبەرزکردنەوەی فەرمانبەران بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی ناوەند.

8-لەدوای هەموارکردنەوەی یاساکە پێشنیاز دەکەین بەدەق جێگیربکرێت و دەست بکرێت بە دروستکردنی سندوقی خانەنشینی لەهەرێمی کوردستان.

9-تێکەڵنەکردنی مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینان بە ململانێ سیاسییەکان.

10-تێکنەدانی دۆخی دەروونی خانەنشینان و بەرپرسیارێتی یاسایی خستنە سەر کەس و میدیای چەواشەکار.

## سەرچاوەکان:


-دەستووری عێراق 2005

یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (9)ی ساڵی 2014ی بەرکار.

-یاسای هەمواری یەکەمی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (26) ی ساڵی 2019

- یاسای خانەنشینی ژمارە (27)ی ساڵی 2006 ی هەڵوەشاوە

-یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە (24) ی ساڵی 1960 هەموارکراو

- یاسای رۆژنامەگەری لەهەرێمی کوردستام عێراق ژمارە (35) ی ساڵی 2007

- یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن لەهەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (6)ی ساڵی 2008

- پێشنیازە یاسای ڕێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی لەهەرێمی کوردستان 2020

-بڕیاری دادگای بالآی فیدراڵی عێراق ژمارە (121/ فیدراڵی/2022) لەڕێکەوتی (2022/11/23)

- بڕیاری ژمارە (11)ی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لەڕێکەوتی (1992/8/31)

-بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (259) لەکۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە (135) لەڕێکەوتی (2024/7/3)

- فەرمانی ژمارە (191) ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی (2025/1/15)

- ڕێنمایی ژمارە (12)ی ساڵی 2024 خوێندنی بالا/ دیپلۆمی بالآی یەک ساڵەی ئەکادیمی و دیپلۆمی بالآی دوو ساڵەی پزیشکی کلینیکی پیشەیی و ماستەر و دکتۆرا لەزانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان).

-ڕاگەیەندراوی کۆمەڵەی خانەنشینانی کوردستان لقی هەولێر.

-ئاماری وەزارەتی خوێندنی بالآو توێژینەوی زانستی.